
# جوانیی و پایەبەرزی ئاشقبەند و کراسی کوردی



ئێکسسوارە کۆنەکانی کوردی، تاوەکو ئەمڕۆش مانایەکی پڕ بەهایان هەیە، لە جوانی شێوە و ڕووالەت و گونجاندنی لەگەڵ جلی کوردیدا، بەمەش جوانترین و ناسکترین مۆدە دروست دەکەن، بە تایبەت ئەوانەی گەورەن و لەسەر سینگ و شانەکاندا دێنە خوارەوە، یەکێك لە جوانترین و نایابترین ئەو ئێکسسوارانە، پێیدەگوترێ (ئاشقبەند)، شێوەیەکی گەورە و کراوەی هەیە، سەرتاپای سینگ دادەپۆشێ و بە نەخش و شێوە و مۆری و لیرە ڕازاوەکانی، وەك ئێکسسوارێکی پڕ لە جوانی مانای خۆی دەدات، جگە لەوەی لە زێڕ و زیو دروست دەکرێ و لە هەردوو مۆدە تایبەتمەندی خۆی دەنوێنێ، هەروەها شێوازێکی ناسکە کاتێك لەگەڵ جلی

# ستایلی قژ بۆ کچان و منداڵان





چەندین جۆرە تەسریحە و شێوە و ستایلی قژ هەن، هەریەکە بە پێی جۆری قژی ئەو کەسە بۆی ئامادە دەکرێ، یان لە هەندێك حاڵەتدا، مۆدەیەك بۆ کۆمەڵێك بەکاردەهێنرێ و دەبێتە مۆدەی سەردەم و باو، بەڵام گرنگە بزانین چ جۆرە قژێك لەگەڵ جۆری قژەکە گونجاو دەبێ، ئەمەش وادەکات کە ببێتە ئەو مۆدەیەی خواستی لەسەر دەبێ، سەبارەت بە خانمان دەزانن چ جۆرە مۆدەیەك بۆ خۆیان دابین بکەن، بەڵام هەرچی منداڵەکانن یان ئەو کچانەی تازە پێدەگەن، ناتوانن یان نازانن چ جۆرە مۆدەیەك هەڵبژێرن بۆ قژیان، لەسەر خانمانی ماڵە یان دایکی ئەو کچانەیە کە جۆرێك لە ستایلەکانی قژی بۆ دابین بکات یان بۆی هەڵبژێریت تاکو لەم لایەنە سەرکەوتوو بێ و قژی بە ستایلێکی جوانەوە بڕازێتەوە و شیاویش بێ لەگەڵ جۆری قژی، بەمەش دەتوانین شێوازێکی جوان بۆ ستایلی قژی منداڵان دابین بکەین، یان ئەو کچانەی لە تەمەنێکی تازە پێگەیشتوودان، چونکە ئەوانیش پێویستیان بە گرنگی دانە لە بواری جوانکاری و ستایلەکانی قژ.



# دوو دەستە جلی

جلوبەرگ هەر یەکە بەپێی گرنگی و جوانی خۆیەوە، نرخ و بەهای خۆی هەیە، بە تایبەت ئەو دەستە جلانەی لەگەڵ وەرز و سەردەمدا دەگونجێن، تەنانەت هەر مۆدەیەك لە ڕێگەی ستایل و شێوازەکەیدا، دەبێتە هۆکارێك بۆ شایستەیی و کارامەیی لە هەڵبژاردنیدا، بەمەش ئەوەی لەو جۆرە لایەنە بتوانێ هەڵبژاردنەکەی دروست بێ، بێگومان بەو پایەی جوانی دەگات کە مەبەستییەتی، زیاتر لەوەش مۆدەیەکی بەرچاو دروست دەکات و لەگەڵ کات و شوێنی خۆیدا بەدی دەکات. لە وەرزی گەرما، یان ستایلەکانی جلی هاوینە، جیاوازییەکی تەواویان هەیە لەگەڵ جلی وەرزەکانی دیکەدا، لە وەرزی ئەمساڵدا، لە





کوردیدا دەپۆشرێ، ئاشقبەند، دیمەنێکی رازاوەی هەیە لە سێ بەش پێکدێ، یەکەمیان نەخشەکەیەتی، کە دەکەوێتە سەر سینگ، ئەوەی دیکەش دوو بەستنە لەلای شانەکان دەخرێ و تاکو توند بێ، لە ناوەڕاستیشدا بە هەمان شێوە دەبەسترێتەوە لەسەر کراسی کوردی، نەخشەکانی وەکو نەخشی لار بوو دەکەوێتە خوارەوە و لەسەرەوە بەرەو خوارەوە دەبێ، لەگەڵ رەنگی ئاشقبەند کە لەسەر نەخش و لیرەکاندا بەدەردەکەوێت.

# رازاوەو بەهادار

زۆربەی ستایلەکان، زیاتر گرنگی بە دەستە جلی کراوە دەدرێ، یان بۆدی و کراس لە شێوەی گەورە و کراوە، گەورەیی ئەو کراسە لەوەدایە، کە شلە و نەرمە، لەسەر جەستەی خانمان بە جوانترین شێوە دەوەستێ و شێوەی پەڕ پەڕەی ئەو جۆرە کراسە، وادەکات کە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش وپایە بەرزی هەبێ، ئەمەش لە جوانی ئەو دەستە جلانە و مۆدەی کراسدا دەردەکەوێ. ئەو دوو دەستە جلە لە دوو رەنگی جیاواز دروست کراون، یەکێکیان لە رەنگی زەردی کاڵ و ئەوەی دیکەش لە رەنگی شین یان هەر رەنگێکی دیکە بێ، کە هەر یەکە دەکرێ ببێتە کراسێکی گرانبەها بۆ ئەو وەرزە.






# ماکیاژێکی شا ڕەنگ و سادە


لە وەرزی هاویندا، شێوازەکانی جوانکاری بە گۆڕانکارییەکی تازەوە دەردەکەون، ئەمەش وەك لە هێما و ستایل و ئامراز و جۆری ماکیاژەکاندا دەردەکەون، بەتایبەت لە بواری ماکیاژدا، کە تازەگەری و شێوەی تازەی پێویستە، لەو روانگەوە دەتوانین سوود لە ئەزموونی پسپۆرانی بواری جوانکاری وەربگرین و شێوە تازەکان بە مۆدەیەکی شیاو ئامادە بکەینەوە، وەرزی هاوین وەرزێکی گەرمە و مرۆڤ پێویستە لە شوێنی فێنك و خۆشدا بێ، بۆیە خانمانیش لەو لایەنە بەشدارن و بەمەش لە کاتی ئامادەکاری ماکیاژدا، وەك ئەوە وایە لە وەرزێکی زستاندا بن، بۆیە پێویستە شێوازی ماکیاژەکان گۆڕانکاری بەسەردا بێ و لە شێوەی تازە بێ، زیاتریش لە وەرزی هاوین ماکیاژی سادە بەکاردەهێنرێ، بەڵام دەشتوانین ماکیاژی تۆخ لێبدەین، بەمەش دەگەین بە مۆدەیەکی جوان و پایەبەرز، لە رێگەی ماکیاژی سادە، کە تەنیا دەتوانین رەنگێك تۆخ بێ، وەك ئەو ماکیاژەیە کە رەنگێك بۆتە شای رەنگەکان و سەرنجی ماکیاژەکەی بۆ خۆی راکێشاوە، ئەویش رەنگی سەر کولمە یان روومەت و لێوە، لەو ماکیاژە کار کراوە لەسەر دانانی رەنگێکی سەرەکی وەك رەنگی روومەت و لێو، رەنگەکانی دیکەش بە شێوەیەکی نەرم لێدراوە.


# ستایلەکانی پێڵاو بۆ ڕۆژی مارەبڕین و ئاهەنگی هاوسەری



هەر مۆدەیەك لە جلوبەرگ و کەرەستەکانی بووك، بە جوانترین شێواز هەڵبژاردنی پێشوەختەی دەوێ، لەو کاتەی کە خانمێك خەریکی ئەو لایەنە دەبێ، لە سەرەتادا دەبێ بیرۆکەکان لە خەیاڵ و ناخی خۆی هەڵبژێرێ، دواتریش کاری لەسەر بکات بۆ هەڵبژاردنی ئەو ویستانەی کە لە پێشوودا ئامادەی کردووە، هەر یەکە لەو بەشەی جلوبەرگ و پێڵاو و کەرەستە و ئێکسسوارەکان، بۆ دوو بۆنەی سەرەکی دادەنرێن، یەکێکیان مارەبڕین و ئەوەی دیکەی رۆژی ئاهەنگە، لەو دوو رۆژەدا پێویستە کەرەستەکان بە جوانترین شێوازەوە بن، یەکێك لەو پێداویستییە سەرەکیانەی کە گرنگی خۆی هەیە لە هەردوو بۆنەدا، پێڵاوە، دوای چەندین هەڵبژاردن و ئامادەکاری کە پسپۆرانی بواری جوانکاری دایاناوە، چاکترین رێگەی سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی ئەو کەرەستەیە لەو دوو بۆنەیە، بەم رێگەیەیە: لە رۆژی نیشان و مارەبڕین هەڵبژاردنی پێڵاوی سوور و پاژنەبەرز نموونەیەکی جوان و رازاوە دەبێ لەو رۆژەدا، هەروەها سەبارەت بە رۆژی ئاهەنگیش، هەمان شێوەی ئەو پێڵاوەی رۆژی نیشان و مارەبڕین، بەڵام لە رەنگی سپی بێ، بەم جۆرە دوو شیاوترین مۆدەی پێڵاوەکان بۆ رۆژی نیشان و ئاهەنگ بەدی دەکرێن و لەگەڵ هاوتاکردنی جوانییەکی بێ پایان.










# خواردنەکانی ڕەمەزان

لە مانگی ڕەمەزاندا زۆربەی خواردنەکان داخوازییان لەسەر دەبێ و زیاتر تام و چێژیان خۆشتر دەبێ، بەڵام هەندێکیان بە خواردنی سەرەکی دادەنرێن و تەنانەت لەگەڵ گشت خواردنەکانی دیکەشدا دەخوردرێ، ڕەمەزانی ئەوساڵ بە ڕەمەزانی ئاوخواردنەوە ناسراوە، کە زۆربەی خەڵك خەریکی ئاو خواردنەوەن لە بڕی نان خواردن ئەویش بەهۆی گەرمی کەشی ئەو وەرزەی ڕەمەزانی تێدایە، لە دوای هەر **٣٦** ساڵدا مانگی ڕەمەزان دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی، ئەو خواردنانەی لە پێشوودا دەخورا، بریتی بوون لە: ئەستووك — ناوساجی (ناوسێڵی)- کەلانە — نانی فڕن-کولێرەی ناو ئاگردان- ئەستووك بە پەنیر وئەستووك بە لۆر و ژاژی- ماست و کەرە و پەنیر و ژاژی کە ئەوانە زیاتر لە پارشێو دەخوران، ئەوانەی لە ئێستادا بەدی دەکرێ بریتییە لە: نانی فڕن و سەموون و ئەستوورك ئەوەش لە هەندێك شوێندا دەکرێ، لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە خەڵك لە پارشێودا خواردنی ئێوارە گەرم دەکەنەوە و دەیخۆن، یان خواردن ئامادە دەکەن بۆ پارشێو، بەڵام ئەوەی زیاتر باوی هەبووە و هەیە، ئەستووکی ناو تەندوورە، خواردنێکی خۆش و بە جۆشە، خۆشی ئەو خواردنە لەوەدایە کە بە گەرمی و نەرمی ئامادە دەبێ بۆ خواردن و لەناو تەندوورەوە بۆ سەر سفرەی خواردن و ئینجا دەکرێ بە تەنیا بخورێ یان لەگەڵ چای و شیر و خواردنەوەی دیکەدا بخورێتەوە.

# تورشیات لە خوانی بەربانگدا

تورشی بریتیە لە تێکەڵەی هەندێك لە سەوزەکانی وەك خەیار و ترۆزی و کەلەرم و چەندین پێکهاتەی دیکە کە بە پێی جۆری تورشیاتەکەو ئەوانەی ئارەزووی دەکەن دەگۆڕێت، تورشیات لە دێر زەمانەوە ئامادەکراوەو بوونی هەبووەو دەکرێ بڵێین لە زۆر زووەوە تەڕەساز جێگەی تورشیاتی ئێستای گرتبووەوە بە تایبەت لە لادێ و شوێنە دوورە دەستەکان لەبەر ئەوەی ئامادەکردنی ئاسانترە ئەوە مانای ئەوە نییە تورشیات ئامادە نەکراوە، تورشیات چەندین جۆر وشێوازی ئامادەکردن و ڕەنگی هەیە بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی تورشیات دەبێتە تورشیاتی سوور و زەرد لە تورشیاتی سوودا پشت بە چەوەندەر دەبەسترێت چونکە ڕەنگەکەی سوور دەکات ئێستا کەرەسەکانی تری وەك خەیار و کەلەرم و شێلم و ترۆزی بەڵام لە تورشیاتی زەرددا هیچ پێویستیمان بە چەوەندەر نییە تەنها پشت بە خەیار و ترۆزی و کەلەرم و شێلم دەبەسترێت بە پێی ویستی بە کارهێنەران، لە ناو ئەو دوو جۆرەش چەندین شێواز و ڕێگەی جیاواز هەیە بۆ نموونە هەر یەك لەو دوو جۆرە دەکرێ بە شێوەی ئاسایی ئامادە بکرێت یان بە شێوەی مەحشی کە خەیار و ترۆزی شەق دەکرێت و تێکەڵەی سیر و کەرەوزی تێدەکرێت و دەپێچرێتەوە، تورشیاتی لە هەموو وەرزەکان ئامادە دەکرێت بەڵام لە زستاندا زیاتر و لە مانگی ڕەمەزاندا بە تایبەتتر و زۆرتر بەکاردێت، وەك زۆربەی پێویستیەکانی تری سەر خوانی بەربانگ تورشیات یەکێکە لەو خواردنانەی دەبێت بوونی هەبێت و داواکاریەکی زیاتری لە سەر دەبێت بەشێوەیەك سەیری هەر دوکانێکی تورشیاتی دەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو قەڵەباڵغە و تەنانەت زۆر جار نۆرەی تورشیاتی وەرگرتن زیاتر لە دوو سەعاتی پێدەچێت لەبەر زۆری داواکاری لەسەر.





# یەکەمین و بچووکترین و گەورەترین قورئان

قورئان ئەو پەیامە خودایییەی بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتۆتە خوارەوە و ساڵەها ساڵە، وەك پەیامێك هاتووە و پارێزراوە، تەنانەت لە وڵاتانی جیهانیش سوودیان لە یاسا و ڕێساکانی قورئان وەرگرتووە و لە ژیانیاندا جێبەجێیان کردووە، شێوەی قورئان لەسەرەتادا گەورە بووە کە نووسراوەتەوە، لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفان نووسراوەتەوە، کە تاوەکو ئێستاش ئەو قورئانە ماوە و هەڵگیراوە. لەلایەکی دیکەشدا گەورەترین و بچووکترین قورئان دروست کراوە، گەورەکەیان درێژییەکەی سێ مەترە و پانییەکەشی دوو مەترە، لە بەرانبەر ئەوەشدا بچووکترین قورئان کە بە تەواوی نووسراوەتەوە و ئەوەندەی بیلبیلەی چاوی مرۆڤ بچووکە.



## بە تەمەنترین مرۆڤ!

وڵاتی چین وەك وڵاتی دایکی سەیر و سەمەرە، هەرچی کاری سەیرە لەو وڵاتە ڕوودەدات، ئەمەش بەهۆی زۆری دانیشتوانی، کە هەر یەکە شتێکی سەیری هەبێ، دەبن بە سەمەرەی ئەو جیهانە، یەکێك لە سەیرترین حاڵەتەکان لەو وڵاتە، بە تەمەنترین کەسە لەو وڵاتە، کە ناوی (لی تسینۆن) بوو، لە ساڵی ١٦٧٧ لە ناوچەی سیشوان لە دایك بووە و زۆربەی تەمەنی لە چیای سیشتوان بەسەر بردووە، ئەوەی سەیرە تەمەنی ئەو مرۆڤە گەیشتە (٢٥٦) ساڵ، واتە زیاتر لە دوو سەدە و نیو، لە ساڵی ١٧٤٨ لە بواری سەربازیدا بەشدار بووە و لە ساڵی ١٩٣٣ کۆچی کردووە!


## لاپتۆپەکەی شاژنی بەریتانیا

شاژنی بەریتانیا (ئەلیزابیت)، کە تەمەنێکی زۆری بردۆتە سەر وەك شاژنی ئەو وڵاتە و تەنانەت وەك شازادەیەك ژیان بەسەر دەبات، ئەوەی دەیبینن یەکێکە لە کەرەستەکانی ئەو شاژنە، کە لاپتۆپێکی تایبەتە و لە زێڕ دروست کراوە، شێوەیەکی تایبەتی هەیە و جیاوازە لەگەڵ هەر لاپتۆپێك و بەمەش دەبێتە سەیرترین لاپتۆپ، لەسەر داواکاریی خۆی ئەو لاپتۆپەی بۆ دروست کراوە،کە دوگمەکانی گەورە و دیارن، کێشی لاپتۆپەکە دەگاتە نزیکەی (٤) کیلۆگرام زێڕ و بەشەکانی دیکەشی لە ماددەی دیکە دروست کراون، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە کەرەستە سەیرەکانی شاژنی بەریتانیا.



## وێنەیەکی دێرینی لافاوەکەی هەولێر!


شاری هەولێر وەك شارێکی دێرین و کۆن، کە مێژوویەکی گەورە و پڕ بایەخی هەیە، بە چەندین ناخۆشی و خۆشیدا تێپەڕیوە و ئەمڕۆش وەك پایتەختی کوردستان وەك شارێکی شارستانی لە جیهاندا ناوبانگی دەرکردووە، یەکێك لە وێنە دێرین و کۆنەکانی ئەو شارە، کە لافاوێکی بارانە و لە ساڵی ١٩٦٠ گیراوە، تیایدا نزیکەی زیاتر لە مەترێك ئاو لەناو شەقام و شوێنە گشتییەکانی ئەو شارە بەرز بۆتەوە، ئەو وێنەیەش لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر گیراوە، لەو کاتەی خەڵك خەریکی پەڕینەوەیە لەناوەڕاستی شەقامەکە، کە وەك دەریاچەیەکی لێهاتووە، تەنانەت پاسێکی هاتوچۆ لەناو ئاوەکە وەستاوەو بەهۆی ئاوەوە کوژاوەتەوە.



## وتــه


- ئاساییه ئەگەر قەڵایەکم بڕوخێ، بەڵام ئاســایی نییه ئەگــەر دڵــی کەســێکم لێ بڕەنجێ.

## پەندی ناوداران



- ڤۆڵتێری بیرمەند سەبارەت بە نیگای ئافرەت دەڵێت:
نیگای ئافرەت لە هەموو یاساکان بەهێزترە.

## یاریی وێنه



- لەم وێنەیەدا (٣) ئافرەتی جوان دیارن، بەڵام ئەگەر گۆڤارەکەی ژێر دەستت سەراوژێر بکەی، بزانه جوانیی ئەو ئافرەتانه چی بەسەر دێ!

## وێنه و بیر کردنەوە



- لەم وێنەیەدا، ئافرەتێکی بەتەمەن لەســەر مەرگە و ئەوانی دیکــەش لووتیان درێژبووە تەنیا منداڵێــك نەبێ کە لووتی وەکو خۆیەتی، لــە مانای وێنەکە تێبگە کە بۆچــی تەنیا منداڵەکە لووتی درێژ نەبووە!

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی ناوی گۆرانیبێژێکی کۆنت بۆ دەردەچێت:

ە ی م د ل ع ن ە ا ر

وەڵامی ژمارەی پێشوو: دەهۆڵ

## مانای خەون

جل و بەرگ: زستان لە خەودا بیبینی باشترە لەوەی لە هاویندا بیبینی، ئەو کەسەی بۆ یەکەم جار جۆرە جل و بەرگێك لە بەر بکات کە پێشتر لە بەری نەکردبێ ئەو کەســە بەرەو دەســت کورتی و هەژاری دەچێت، جل وبەرگ پیاوێکی سەرۆکە، جل و بەرگ بۆ بازرگان سەرمایەیەو بۆ مەلاو زانیار زانستە، ئەو کەسەی لە خەودا ببینێ جل و بەرگی پیس بووە ئەو کەسە گومان لە رزقی دەکرێت، جل و بەرگی هاوین باش نییە، چونکــە گەرمای هاویــن خەم و خەفەتە، جل و بەرگ بە پێی جۆرو ڕەنگ دەگۆڕێ، ئافرەت لە خەودا جل و بەرگی پیاوی لە بەر بێت زۆر باشە، ئەگەر پیاویش لە خەودا جل و بەرگی ئافرەتی لەبەر بێت مانای خەم و خەفەت و ترسە.



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ماوەیەکــە لەلایەن دۆستەکەتەوە گلەیی و گازاندەت لێدەکرێت، بەهۆی پشــتگوێ خستنی لەلایەنی تۆوە، گەر خۆشــت دەوێ ئەوا فەرامۆشی مەکە، ئەگینا لەدەستت دەچێت.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

لەگەڵ خۆشەویستەکەت یان لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆشەویســتت بەیەك دەگەن و کاتێکی خۆش دەبەنە سەرو ماوەیەکی باش لەگرفت و خەمەکانت دادەبڕێیت.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئەگــەر بەم شــێوەیە بــەردەوام بیــت لــە بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانت ئەوا تووشی گلەیی دەبیت و سەرزەنشت دەکرێیت، بۆیە بەخۆتدا بچۆرەوە.




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

بەهــۆی ڕووداوێــك بــاری ســۆزداریت دووبــارە دەگەشــێتەوەو لەخۆشەویستەکەت نزیك دەبیتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەمیشــە ورەت بەرزبێت و گەشبین بیت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

لەگەڵ ئەوەی هەمیشــە لەهەوڵ و کۆششــدایت، بەڵام هەســت بەماندووبوون و هیلاکــی ناکەیت، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە باری ســۆزداریت تا ڕادەیەکی باش بەرەو پێش چووە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

باری تەندروســتیت باش دەبێت و هەست دەکەیت هێزو توانات گەڕاوەتەوەو دەتوانیــت ڕووبــەڕووی کێشــەکانت ببیتــەوە، بەڵام گرنــگ ئەوەیە بڕوات بەخۆت پتەوبێت.





# وێنەی بووک و زاوا لەسەر شووتی

وێنـــەی یادگاریی بووك و زاوا، كە وێنەیەكی جوان و گرنگە بۆ ژیانیان و دەبێتە یەكێك لـــە جوانترین بۆماوەی ئەو ڕۆژە جوانە، كە گوزارشـــت لە خۆشی و شادی ئەو ڕۆژەی ئاهەنگ دەكات، لە هەر ماڵێك ئەو لایەنە بەدی دەكرێ و وێنەی ڕۆژی ئاهەنگ لەنـــاو چوارچێوەیەكدا مـــاوە و دانراوە، كەچی بـــەم دواییە ئەو چوارچێوەی وێنەیان گۆڕیوە بۆ ســـەر شووتی، واتە وێنەی بووك و زاوا لە داهاتوودا لەسەر پەلكی شووتی دەكێشرێ و دادەنرێت و دەبێتە مۆدەیەكی تازەی وێنەی بووك و زاوا.



## نوکتە

یەكێك دەستگیر دەكرێ و دەیبەن بۆ لای حاكم، حاكمیش لیێ دەپرسێ: بۆ دەســـتگیر كراویت؟ ئەویش وتی: گەورەم لەسەر گوریسێك...
حاكمەكـــەش وتـــی: تەنیـــا بـــەس گوریسێك؟؟؟
ئەویـــش وتـــی: بەڵێ گوریســـێك و چیلێكی پێوە بوو!

پیاوێك لـــە منداڵەكانی تووڕە بوو، هاواری كرد و وتی: دەڵێم خۆم بكوژم و دوایی ئێوەش بكوژم و پاشـــان ڕاست بڕۆم لە ماڵێ!

## زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (هەنار) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیكارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بكەرەوە كە لەكۆتایی ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە:

**ئاسانكاری**

- پیتی خانەكانی (١+٢+٣) كۆ بكەیتەوە بە مانای (بەشێكی جەستەی مرۆڤە مێشكی تێدایە)
- پیتی خانەكانی (٤+٥+٦) كۆ بكەیتەوە بە مانای (ئەندامێكی جەستەی مرۆڤە لە ژێر لووتە)
- پیتی خانەكانی (٥+٤) كۆبكەیتەوە بە مانای (ژمارەیەك جارانی خۆی بكەی دەكات بە ١٠٠)
- پیتی خانەكانی (٦+٥+٣)كۆ بكەیتەوە بە مانای (گیاندارێكی خۆماڵیە خووری هەیە)

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لەكارەكەت پاداشت دەكرێیـــت یاخـــود دەست خۆشیت لێ دەكرێت، ئەمەش بەهۆی ڕاستگۆیی و چالاكیتەوەیە، دەرامەتت كەمێك باشتر دەبێت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

زۆر دەمەقاڵـــی و مشـــتومڕ مەكە چونكە كاتەكـــە ناســـكە، ئەگینا تووشـــی كێشـــە دەبیت و پەشیمان دەبیتەوە، باری تەندروستیشت كەمێك گرفتی تێ دەكەوێتەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

پێویستیت بەكەسێك دەبێت كـــە وەرەت بەرزبەكاتەوەو ئامۆژگاریـــت بكات، زۆر ڕەخنە لەهاوكارانت مەگرەو برینداریان مەكە، ئەگینا بەتەنیا دەمێنیتەوە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەســـت دەكەیـــت بەتەنیایـــت و كـــەس هاوكاریت ناكات، بۆیە جاروبار خەم داتدەگرێت و بێزار دەردەكەویت، باشـــترە زیاتر تێكەڵی دەوروبەرت ببیت و خەندە بگەڕێنیتەوە سەر لێوانت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بەئەزموونێكـــی ناخـــۆش و ئاڵۆز تێپـــەڕ دەبیت و ناچار دەبیـــت چارەســـەری هەندێ گرفت بكەیت، كە بەشێوەیەكی كتوپڕ دەردەكەون، بـــەڵام لەبیرنەكەی تا ئێستا بەخت لەگەڵتایە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لەوانەیـــە هەنگاوەكانت كۆســـپی بێتـــە ڕێ و نەتوانیت ئاواتەكانـــت بێنیتە دی، بەڵام گەر ئارام و هێمنی خۆت لەدەست نەدەیت، دەتوانیت بەردەوام بێـــت و هۆكارەكانیش شی بكەوە بەر لەوەی كاریان پێبكەیت.